# چاخی بەردینی کانزایی لە هەرێمی کوردستان
# لەبەر ڕۆشنایی پشکنینە شوێنەوارییەکانی
# گردی سورێژە

**م. ی. هاوار نەجمەدین هەواس**
بەشی شوێنەوار - کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Hawar_najmadin@hotmail.com

**پ. ی. د نەعمان ئیبراهیم جومعە**
بەشی شوێنەوار-کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Noman.ibrahim@su.edu.krd

**پوختە**

چاخەکانی پێش مێژوو لە هەرێمی کوردستان، بەدیاریکراوی چاخی بەردینی کانزایی، یەکێکە لەو قۆناغانەی زۆر دەوڵەمەندە بە پێگەی شوێنەواری، لەم ڕووەوە بە پشتبەستن بە دەرئەنجامی پشکنینە شوێنەوارییە نوێیەکان، کۆمەڵێك شوێنی شوێنەواری نوێ دۆزراونەتەوە کە مێژوویان بۆ قۆناغی چاخی بەردینی کانزایی دەگەڕێتەوە، کە یەکێك لە گرنگترین شوێنەوارەکان گردی سورێژەیە. لەم گردەدا توانراوە وێنەیەکی ڕوونی ژیانی مرۆڤ لە ڕووی شێوازی نیشتەجێبوون و بیناسازی بەدیار بخرێت، هەروەها لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە پاشماوە ڕووەکی و ئاژەڵییەکانەوە کە دوو کۆڵەکەی سەرەکیی سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤ بووە لەم سەردەمەدا، تیشك خراوەتە سەر ژیانی ئابووریی مرۆڤ، پاشان لایەنێکی دیکەی ژیانی مرۆڤ کە سەرچاوەیەکی باشی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارییە، ئەویش ئامراز و کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە، بەتایبەتی گڵێنە یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ پەیبردن بە مێژووی نیشتەجێبوون لە شوێنەوارەکە و تایبەتمەندیی شارستانیەت لە ناوچەکەدا، بەو جۆرە تەواوی داهێنانەکانی مرۆڤ لەم قۆناغەدا خزمەتێکی باشی کردووە بە هەنگاونانی مرۆڤ بەرەو شارستانیەت و سەرەتای سەرهەڵدانی شارنشینی لە ناوچەکەدا.

**وشە سەرەکییەکان:** گردی سورێژە، چاخی بەردینی کانزایی، سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانییەت، حەلەف، عوبەید.

## پێشەکییەک دەربارەی چاخی بەردینی کانزایی

لە قۆناغی چاخی بەردینی نوێدا بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بە هەرێمی کوردستانیشەوە، تا دەگاتە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست، لەبەر گونجاویی ژینگەی سروشتی و لەباریی کەشوهەواوە، ناوەندێکی گرنگی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بووە لە شێوەی گرووپ و کۆمەڵی شوانکارەیی و گوندنشینی سەرەتایی (روو، ١٩٨٦، ٤٣). ئەم سەردەمە کە تاوەکوو هەزارەی شەشەمی پێش زایین بەردەوام دەبێت، دواتر قۆناغێکی دیکەی پڕ لە گۆڕانکاری دێتە ئاراوە، ئەویش قۆناغی چاخی بەردینی کانزاییە (Chalcolithic)[1] (خولدس و مارتن، ٢٠٠٦، ١٣؛ سليمان و الفتيان، ١٩٧٨، ٥٩). چاخی کانزایی کە لە هەزارەی شەشەم بۆ هەزارەی سێیەم پێش زایین دەگەڕێتەوە (حمود، ٢٠١٣، ٩٣)، دەتوانرێت بە قۆناغی گواستنەوەی چاخەکانی پێش مێژوو بۆ چاخە مێژووییەکان پێناسە بکرێت، چونکە بە کۆتاییهاتنی ئەم چاخە، قۆناغێکی نوێی دیکە لە مێژووی دێرینی مرۆڤ دێتە ئاراوە، وەك قۆناغی مێژوویی و سەرهەڵدانی نووسین و شارستانیەت. هەر بۆیە ئەم قۆناغە دەبێتە هەڵگری چەند نازناو کە لەبەرچاوترینیان قۆناغی پێش نووسینە (الذنون، ١٩٩٩، ٦). هەر لەسەر ئەم بنەمایە، شارەزایانی بواری شوێنەوار ئەم قۆناغە وەك پاشخانێك بۆ سەرەتای گەشەسەندنی شارستانیەت (Urban Revolution) وێنا دەکەن (محمد، ٢٠١١، ٩٨؛ Gilead, 1988, p.398).

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد سەرنج بدەین لە پێگە شوێنەوارییەکانی تایبەت بە قۆناغی چاخی بەردینی کانزایی، ئەوا دەبینین لە ناوچەکەدا بە گوێرەی بەرئەنجامی پشکنینە شوێنەوارییەکان کە لە ڕابردوودا کراون، سەرەتای ئەم قۆناغە بەستراوەتەوە بە کۆتاییەکانی شارستانیەتی حەلەفەوە[2] (صالح، ٢٠١٢، ٤٣)، ئەوەش بە پشتبەستن بەو بەڵگە شوێنەوارییانە کە چۆن مرۆڤ توانیویەتی لە کۆتاییەکانی شارستانیەتی حەلەفدا کانزا بدۆزێتەوە و بەکاری بهێنێت (السعدي، ١٩٩٥، ٣٧)، واتە دەتوانین بڵێین شارستانیەتی حەلەف قۆناغی گواستنەوەیە لە چاخی بەردینی نوێوە بۆ سەرەتای چاخی بەردینی کانزایی (Karsgaard, 2006, p. 51). مێژووی ئەم شارستانیەتە بۆ

(٦١٠٠-٥٣٠٠ پ. ز) دەگەڕێتەوە (Maisels, 2001, 123). هەر چی دەربارەی ڕەگوڕیشەی ئەم شارستانیەتە و تایبەتمەندییەکانی هەیە، لە ڕووی جوگرافییەوە بڵاو بووەتەوە لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە بەرەو هەرێمی کوردستان و پاشان باکووری سووریا و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا تا دەگاتە ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست (Becker, 2019, 167).

لەدوای حەلەف، قۆناغەکە بە شارستانیەتی عوبەید[٣] ناسراوە کە یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی شارستانیەتی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم شارستانیەتە ئەوەیە کە ماوەکەی درێژە و سنووری بڵاوبوونەوەی فراوانە و سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەست کراوە بە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە (الدباغ، ١٩٩١، ٣٨)، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لەم قۆناغە بەدواوە مرۆڤ توانیویەتی بۆ مەبەستی کشتوکاڵکردن پشت بە پڕۆژەی ئاودێری ببەستێ؛ بارگەی بخات و جێگادەستی مرۆڤەکان دیاری بکات، بنەمایەکی گرنگ بووە بۆ بەرفراوانبوونی نیشتەجێبوون و دروستبوونی گوندی گەورە و شار لەو ناوچانەی کە نزیك سەرچاوەی ئاو و کەناراوی ڕووبارەکان بووە (الاحمد، ١٩٨٥، ١٧٠). هەروەها بەکارهێنانی ئامرازی بەردین و کانزایی و ئێسکی و قوڕین و دروستکردنی گڵێنە لەگەڵ گەشەی لایەنی بیناسازی سەری هەڵداوە، کە دیارترین لایەنی ئەم شارستانیەتە بوون (سلیم ا.، ٢٠١١، ١٧٨). بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین شارستانیەتی عوبەید ڕوویەکی گەشی چاخی بەردینی کانزاییە و لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە درێژ دەبێتەوە بۆ نیمچەدوورگەی عەرەبی و لە باکووریشەوە بەرەو کوردستانی سووریا و ناوچەکانی دەوروبەری (أبوطالب، ٢٠١٥، ٥١). لە ڕووی پێگەی شوێنەوارییەوە، ئەم شارستانیەتە لە شوێنگە شوێنەوارییەکانی وەك شوێنەواری ئەریدۆ و عوبەید و ئوور و ئوروك لە باشووری عێراق و گردی قالینج ئاغا لە هەولێر و گردی ئەرپەچیە و تەپەگەورە لەنزیك مووسڵ و هەروەها سووسە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بەدی کراوە (ماثیو، ٢٠١٦، ١٠٢؛ زاموا، ٢٠٠٩، ٥٣٠).

لە کۆتایی شارستانیەتی عوبەید، لە دەوروبەری هەزارەی سێیەمی پێش زایین قۆناغێکی نوێ دێتە پێش و ئەویش سەرهەڵدانی هەردوو شارستانیەتی وەرکا(٤) و جەمدەت نەسره(٥) (Al-Souf, 1972, 3). هەر چی شارستانیەتی وەرکایە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنگەی شوێنەواری وەرکا کە دەکەوێتە (٤٠کم) باکووری ڕۆژئاوای شاری ناسریە لە باشووری عێراق، گرنگترین سیما شوێنەوارییەکانی ئەم شارستانیەتە لە شوێنگە شوێنەوارییەکانی ئوور و ئەریدۆ و گردی عوقەیر دەرکەوتووە (ساکز، ١٩٧٩، ٤١). هەروەها بەدیاریکراوییش لە هەرێمی کوردستان لە گردی قالینج ئاغا لە هەولێر، لێکەوتەی ئەم شارستانیەتە بەدی کراوە (الدباغ و جادر، ١٩٨٣، ١٦١). شایانی باسە ئەم سەردەمە بە سەردەمی سەرەتای هەوڵدانی مرۆڤ بۆ داهێنانی نووسین لەقەڵەم دەدرێت. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە خۆی دەبینێتەوە لە دەرکەوتنی پەرستگا و زەقوورە بۆ یەکەم جار، وە هەروەها سەرهەڵدانی مۆری لوولەیی و داهێنانی چەرخەی گڵێنەسازی. لەم سەردەمەدا بەکارهێنانی کانزا لە دروستکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەدا گەشە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها داهێنانی هونەری مۆزایك و بەکارهێنانی لە دیواری پەرستگاکاندا سیمایەکی دیکەی ئەم شارستانیەتە بووە. لە کۆتایی ئەم شارستانیەتەدا و دروست لە قۆناغی جەمدەت نەسردا، گەشەی تەواوی لایەنەکانی ژیان بەردەوام بووە و ئەوەی جێگای سەرنج بووە لەم قۆناغەدا مرۆڤ توانیویەتی نووسینی وێنەیی دابهێنێت، بەم هەنگاوەش مێژووی مرۆڤ هەنگاوی ناوەتە ناو قۆناغی مێژووی نووسراوەوە (رشید، ٢٠٠٤، ٣٩-٤٠). لە ڕاستییدا کۆتاییەکانی قۆناغی وەرکا و سەرەتای جەمدەت نەسر لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا زیاتر بە قۆناغی نەینەوا پێنج ناسراوە، کە وا لێکەوتەی لە چەندین ناوچەی شوێنەواریدا هەیە (Ahmaed, 2012, 29).

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین بە درێژایی قۆناغەکانی پێشوو و قۆناغی چاخی بەردینی کانزایی، تەواوی توانا و شارەزاییە کەڵەکەبووەکانی مرۆڤ چ لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەکارهێنانی کانزا و داهێنانی نووسین و چەرخەی گڵێنەسازی و پێشکەوتنی لایەنی بیناسازی و سەرهەڵدانی پەرستگا و زەقوورە و

گرنگیدان بە یاسا و لایەنی فەلەکی و کۆی داهێنانەکانی مرۆڤ لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بوونە هەوێنی دروستبوونی شاری نیشتەجێبوونی گەورە و بنەمای دروستبوونی یەکێك لە شارستانیەتە گەورەکان لە ناوچەکە و جیهاندا کە ئەویش شارستانیەتی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارە (علام، عبدالله، و الدینار، ١٩٩٣، ١٥؛ الروشدي، ١٩٦٧، ٢٤١).

لە ڕاستیدا سەبارەت بە نیشتەجێبوونی مرۆڤ و شوێنگە شوێنەوارییەکان و دەستکەوتە شارستانییەکان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بە درێژایی چاخی بەردینی کانزایی، لە بەرئەنجامی کنە و پشکنینە شوێنەوارییە نوێیەکان، لەدوای دروستبوونی کیانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆمەڵێك شوێنگەی شوێنەواری نوێی تایبەت بە قۆناغی چاخی بەردینی کانزایی بەدیار خراوە، کە یەکێك لەو شوێنگە شوێنەوارییە گرنگانە گردی سورێژەیە.

**یەکەم: گردی سورێژە**

گردی سورێژە گردێکی شێوە قووچەکییە، دەکەوێتە دووری (٢٠کم) باشووری شاری هەولێرەوە لەسەر ڕێگای مەخموور، نزیك گوندی سورێژەی ئێستا. ڕووبەری ئەم گردە شوێنەوارییە نزیکەی ٢٢ دۆنم دەبێت، لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات (١١٨م) درێژ دەبێتەوە و (١٥٠م) لە باشووری ڕۆژئاواوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. بەرزیی لە ئاست دەشتاییەکانی دەوروبەری (١٦م) دەبێت و هەروەها لە ئاست ڕووی دەریاوە (٣٤٩م) دەبێت (Stein, 2018, 15-16; Stein & Alizadeh, 2013, 34).



**وێنەی(١)**

**گردی سورێژە (Ur, , 2017, p. 81)**

ئەم شوێنەوارە بۆ یەکەم جار لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕووپێویی دەشتی هەولێردا کە لەلایەن زانکۆی هارڤارد بە سەرپەرشتیی جەیسن ئوورەوە (Jason Ur) بە ژمارە (٢٧) تۆمار کراوە ساڵی ٢٠١٢ز (Ur, Jong, Giraud, & James , 2018, 109)، دواتر پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی سەر بە زانکۆی شیکاگۆ بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر گیل ستین ستەین (Gil J. Stein) و بە هاوبەشیی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێر ساڵی ٢٠١٣ کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری دەستی پێکردووە، کە مەبەستی سەرەکیی

لێکۆڵینەوە بووە دەربارەی قۆناغی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە کۆتایی چاخی بەردینی کانزایی لە ناوچەی دەشتی هەولێر و دەوروبەری. هەر چی پلانی کارکردن بووە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دارێژراوە (Kostas, MacGinnis, & Ur, 2015, 50; Ur, 2017, 183)

شایانی باسە لە ماوەی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٨ز)دا، توانراوە چوار وەرز کنەوپشکنینی شوێنەواری ئەنجام بدرێت، بە درێژایی ئەو ماوەیە چوار چاڵی شوێنەواری لێدراوە لەسەر ڕووی گردەکە و ناوچەکانی دەوروبەری (Minc, Alden, & Stein, 2019, 121).

**دووەم: لایەنی بیناسازی**

لە ئەنجامی دۆزینەوەی زۆرێك لە پاشماوەی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون، کە گوزارشت لە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو دەکات کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا زۆر گرنگیی پێداوە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر شێوازی لایەنی بیناسازی و بە گوێرەی قۆناغەکانی یەك لەدواییەکەکانی ئەم چاخە، بیناسازی گۆڕان و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. ئەم شارستانیەتە تایبەتمەندیی خۆی هەبووە لە ڕووی بیناسازییەوە (کفافي، ١٩٩٠، ١٧٣)، هەر ئەمەش وای کردووە بیناسازی وەك ڕەگەزێکی سەرەکیی لێکۆڵینەوە تەماشا بکرێت لەلایەن شوێنەوارناسانەوە.

جا ئەگەر بەوردی تەماشای لایەنی بیناسازی بکەین لە گردی سورێژە، وەك دەبینین لە دەستپێکی کارکردنی هەڵکۆڵین لە گردەکە لە وەرزی یەکەمدا چوار چاڵی شوێنەواری لێدران، لە چاڵی یەکەمدا وەك دەرئەنجامەکان نیشانیان دا هیچ شوێنەوارێکی تایبەت بە پاشماوەی بیناسازی بەدیار نەکەوتووە، بەڵام لە چاڵی شوێنەواری دووەمدا هەر لەگەڵ هەڵدانەوەی خۆڵی سەر ڕووی چاڵەکە، ڕاستەوخۆ شوێنەواری دیواری لە خشت دروستکراو لە شێوەی دوو خانووی بچووکی چوارگۆشەیی بەدیار کەوتن کە لە کۆمەڵێك ژوور و ئاگردان پێکهاتبوون، خانووەکان ڕێڕەوێك لە نێوانیاندا هەبوو کە وەك کۆڵان بەدیار دەکەوێت، هەردوو خانووەکەی لێك جودا کردووەتەوە (Stein, 2018, 17) ،



**وێنەی (٢)**

**چاڵی دووەم، پاشماوەی دوو خانووی لە خشت دروستکراو کە ڕێڕەوی هاتوچۆکردن لە نێوانیاندا هەیە** (Stein & Alizadeh, 2013-2014, 145)

لە ڕاستیدا سەرەتای دروستکردنی ڕێڕەوی نێوان خانووەکان کە زۆر جار بەردڕێژ کراون و فراوانبوونی گوند و پەیبردن بە شارنشینی، سەرەتاکەی بۆ سەردەمی شارستانیەتی عوبەید دەگەڕێتەوە، هەروەك ئەو نموونەی کە لە گوندی ئەرپەچیە لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بەدی کراوە، دواتریش دوای لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی هەردوو خانووەکە و ئەو کەلوپەل و ئامراز و ئەو پارچە گڵێنانەی لەسەر ڕووی زەویی نێو ژوورەکان و ناوچەکانی دەوروبەری دۆزرانەوە، نیشانی ئەدا کە وا مێژووی ئەم خانووانە بۆ سەردەمی عوبەید دەگەڕێتەوە (الشکري، ٢٠١٢، ٤٢٢؛ Stein, et al., 2013, 37). پاشان لە چاڵی شوێنەواری سێیەمدا هەندێ شوێنەواری بیناسازی بەدیار خراون کە خۆیان دەبینیەوە لە پارچەی خشت و زەویی ناو ژوورەکان، ژمارەیەك چاڵی شێوە گۆیی و خڕ کە پێدەچێت وەك ئاگردان یان کۆگای هەڵگرتنی خۆراك بەکار هاتبن. بەگشتی پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم چاڵە نەیتوانی وێنەیەکی ڕوونی لایەنی بیناسازیمان پێبدات، هەروەها لە چاڵی چوارەمیشدا بە هەمان شێوە

شوێنەوارێکی ئەوتۆی لایەنی بیناسازی بەدیار نەکەوت (Stein & Alizadeh, 2013-2014, 138-141).

لە وەرزی دووەمدا سەرنجی سەرەکیی تیمە شوێنەوارییەکە دەچێتە سەر چاڵی دووەم و کارکردنیان لەم چاڵەدا چڕ دەکەنەوە، ئەوەش بە هۆی دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو دوو خانووەی کە دۆزرانەوە، هەر بۆیە لە درێژەی کاری ئەم وەرزەدا هەوڵیان دا دیواری خانووەکان بەجوانی بەدیار بخرێن، وە ئەو ڕێڕەوەی دەکەوێتە نێوانیان باشتر کاری تێدا کرا، خانووەکان بە خانووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دیاری کران، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە لە ژمارەیەك ژووری شێوە لاکێشەیی و چوارگۆشەیی پێکهاتوون، ئەوەی جێگای سەرنجە پانیی دیوارەکانی هەردوو خانوو چوونیەك بوون و دیواری بەشی دەرەوەیان ئەستووریی زیاتر بوو، نزیکەی (٩٠سم) دەبێت. بە جۆرێك لە جۆرەکان پێکهاتەی خانووەکان و دۆزراوە شوێنەوارییەکانی ئەم چاڵە شوێنەوارییە هاوشێوەی دۆزراوەکانی شوێنەواری گردی تەپەگەورە لەنزیك مووسڵ و گردی زێدانن لە باکووری سووریا (Stein & Alizadeh, 2016-2017, 87; Aurech, 1986, 76-77). بە بۆچوونی توێژەر، ئەم جیاوازی و گۆڕانکارییانە لە شێوازی دروستکردنی دیوارەکان و قەبارەی ژوورەکان و پلانی خانووەکان و بایەخدانی زیاتر پێیان، ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ جیاوازیی بوار و ئەرکی ئەو خانووانە و جیاوازیی مەبەستی بەکارهێنانی بەشەکانیان.

لە وەرزی سێیەمدا بەتەنیشت چاڵی شوێنەواری دووەمەوە بەلای ڕۆژئاوادا، دوو چاڵی شوێنەواری لێ دەدرێت کە ئەوانیش چاڵی ژمارە (٩، ١٠)یە، هەردوو چاڵەکە بە پێوانەی (٥ X ١٠م) لێدەدرێت. لە سەرەتای کارکردن لە چاڵی (٩)دا دیوارێك بەدیار دەخرێت کە دیوارێکی کەمێك نارێکە و لە خشت دروست کراوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، ئەم دیوارە پێدەچێت بەشێك بێت لە پێکهاتەی خانووی ڕۆژئاوای چاڵی (٢)، وا بەدیار دەکەوێت ناوچەی کراوەی خانووەکە یان بەرهەیوان بێت. هەروەها لە چاڵی (١٠)دا تەنها توانراوە ژمارەیەک

چاڵ بدۆزرێتەوە کە هەندێکیان بۆ ئاگردان و هەندێکی دیکەشیان وەك شوێنی پاراستن و هەڵگرتنی خۆراك بەکار هاتوون (Stein, 2017-2018, 60).




**وێنەی (٣)**

**نەخشە و وێنەی پلانی بیناسازی لە هەرسێ چاڵی (٢، ٩، ١٠)**

**(Stein & Fisher, 2018-2019, 128-129)**

هەروەها ئەوەی تێبینی کراوە لە شوێنەوارەکەدا و لە ناوچەی ناوەوەی خانووی نیشتەجێبووندا، پاشماوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤ و شوێنەواری گۆڕی مرۆڤ بەدی نەکراوە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم قۆناغەدا گۆڕستانی لە ناوچەی دەوروبەری شوێنی نیشتەجێبوون دروست کردووە و دیاردەی ناشتنی مرۆڤ لەنێو خانووی نیشتەجێبوون کە لە پێشتردا و لە قۆناغی چاخی بەردینی نوێدا باو بووە، لەم قۆناغەدا کۆتایی پێهاتووە (حمود، ٢٠١٣، ٩٩).

لە ڕاستیدا دۆزراوە بیناسازییەکان و بەڵگە شوێنەوارییەکان لە گردی سورێژە؛ بە دەستکەوتێکی گرنگ و پڕبایەخ تەماشا دەکرێت، چونکە مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ نیشان دەدات لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و دەوروبەریدا کە دەستپێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوبەید (٥٣٠٠-٤٨٠٠پ. ز) و درێژ دەبێتەوە تاوەکوو سەردەمی ئیسلامی (Stein, 2018, 17; Stein & Alizadeh, 2016-2017, 87)

## سێیەم: ژیانی ئابووری و سەرچاوەی خۆراک

لە چاخی بەردینی کانزاییدا، لە سەرەتاوە بنەمای ژیانی ئابووری و سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە کردەی بەخێوکردن و ماڵیکردنی ئاژەڵ و هەروەها کشتوکاڵکردنەوە (الجاسم، ١٩٧٥، ١٧٦). ئەگەرچی هێشتا لەم قۆناغەدا ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بەروبوومە ڕووەکییەکان بەشێك بووە لە چالاکیی ڕۆژانەی مرۆڤ، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر بووە لەچاو قۆناغەکانی پێشووتر (کفافي، ١٩٩٠، ١٥٨). هەر بۆیە پاشماوە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان لە شوێنگە شوێنەوارییەکاندا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە بۆ شوێنەوارناسان و لە ڕێگای کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان، پەی بە زۆر لایەنی نهێنی و شاراوەی ژیانی مرۆڤ دەبات لەم قۆناغەدا (Grossman & Hinman, 2013, 202).

هەر بۆیە لە گردی شوێنەواری سورێژە، تیمە شوێنەوارییە ئەمەریکییەکە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی لایەنی ئابووری لەسەر ژیانی مرۆڤ، هەستاون بە کۆکردنەوەی تۆوی دانەوێڵە و ڕووەکییەکان و گژوگیا و پاشماوە سووتاوییەکان، ئەویش بە پشتبەستن بە ئامێری فلۆتەیشن (flotation)[٦]، بەو شێوەیە توانراوە بڕێکی زۆر دانەوێڵە بەتایبەتی گەنم و جۆ بدۆزرێتەوە. هەڵبەت بوونی گەنم و جۆ لە شوێنەوارەکەدا بە ڕێژەیەکی زۆر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا سەرچاوەی سەرەکیی خۆراکی مرۆڤ بوون (الشیخ، ١٩٨٥، ١٢٤؛ کسار، ١٩٨٧، ٢٤٦). بەدەر لە گەنم و جۆ، بڕێکی زۆریش نیسك و تۆوی گژوگیای جۆراوجۆر بەدی کراوە لە شوێنەوارەکەدا (Stein & Alizadeh, 2016-2017, 84). ئەوەی جێگای

تێڕامانە، یەکێك لەو بەروبوومانەی تایبەتمەندیی سەردەمەکەی هەیە و لە شوێنەوارەکەدا بوونی هەیە؛ تۆوی کەتان بووە (میلارت، ١٩٩٠، ١٦١)، کە لەم قۆناغەدا مرۆڤ برەوی داوە بە چاندنی و سوودی لێ وەرگرتووە بۆ ڕۆنەکەی و هەروەها بۆ مەبەستی ڕستن و چنین بەکاریان هێناوە. پاشان تەواوی دۆزراوە ڕووەکییەکان براوەتە ئەمەریکا بۆ لێکۆڵینەوە. لێکۆڵینەوەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەوە نیشان دەدەن کە وا جۆری ئەو دانەوێڵە و ڕووەك و گژوگیایانەی لە شوێنەوارەکەدا بوونی هەیە، هەمان تایبەتمەندیی لایەنی ڕووەکی هەیە لە شوێنەوارەکانی سەردەمی عوبەید لە باکووری میزۆپۆتامیا، بەدیاریکراوی گردی زێدان و کینان تەپە، ئەم بەروبوومانە سەرچاوەی سەرەکیی خۆراکی مرۆڤ بوون لەم قۆناغەدا (Stein, 2018, p. 18; Stein, 2017-2018, 61).

هەروەها بە درێژایی ئەو چەند وەرزەی هەڵکۆڵینی شوێنەوار لە گردە شوێنەوارییەکە، تیمە شوێنەوارییەکە سەرنجیان بە هەمان شێوە خستووەتە سەر کۆکردنەوەی ئێسکی ئاژەڵ و گیانلەبەرەکان، بەتایبەتی ئەو ئێسکانەی بۆ سەردەمی عوبەید و قۆناغەکانی دواتر دەگەڕێنەوە (Stein & Alizadeh, 2016-2017, 85). سەبارەت بە بەروبوومە ئاژەڵییەکانیش، مەڕ و بزن و بەراز و ڕەشەوڵاخ بە شێوەیەکی سەرەکی ماڵی کراون و برەودان بە ئاژەڵداری لەم قۆناغەدا ڕووی لە زیادبوون کردووە (الروشدي س.، ١٩٧٣، ٣). وەك دەبینین لێکۆڵینەوەکانی تیمە شوێنەوارییەکە نیشانی دەدەن کە وا لەنێو ئاژەڵە دیارەکاندا مەڕ و بزن ڕێژەیەکی زۆری پێکهێناوە و لەو جۆرە ئاژەڵانە بوون مرۆڤ زۆر پشتی پێ بەستوون، وەك سەرچاوەی سەرەکیی خۆراکی بووە و لە هەمان کاتدا سوودیشی لە پێست و خوری و بەروبوومە ئاژەڵییەکانیش وەرگرتووە. هەروەها ئەوەی تێبینی کراوە ئێسکی مەڕ لەچاو ئێسکی بزن زیاتر بووە، ئەوەش پەیوەستە بە تایبەتمەندیی ناوچەی گردە شوێنەوارییەکەوە کە لە ناوچەیەکی دەشتایی هەڵکەوتووە و مەڕ زیاتر لەم ناوچانەدا دەژێت (Stein & Fisher, Surezha Excavations 2019 Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq, 2019-2020, 137-138). بەدەر لە مەڕ و بزن، ئێسکی ڕەشەوڵاخیش دۆزراوەتەوە. شایانی باسە لەم

قۆناغەدا مرۆڤ تەنها بایەخی بە ئاژەڵەماڵییەکان نەداوە، بەڵکو هەندێ جۆری ئاژەڵە کێوییەکانیش وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی خۆراکی بووە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆریش پشتی بەم جۆرە ئاژەڵانە بەستووە (Price, 2016, 273; Stein & Alizadeh, 2016-2017, 85).

**چوارەم: ئەو ئامراز و ئامێرانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان هێناوە**

گرنگترین ئەو ئامراز و ئامێر و پێداویستیيانەی کە وا مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە چاخی بەردینی کانزاییدا دوابەدوای نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بەکاری هێناوە، بریتی بوون لە ئامرازە بەردین و کانزاییەکان و گڵێنە و مۆر و چەندین ئامرازی دیکەی جۆراوجۆر. لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا ئەم دەستکەوتانەی مرۆڤ و داهێنراوەکانی بەدیاریکراوی گڵێنە، بۆ شوێنەوارناسان لە کاتی کنە و پشکنیندا بەدەست هاتوون، بەڵگەی باش بوون بۆ نیشاندانی شێوازی ژیان و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و زۆر لایەنی دیکەی ژیان. لە زۆربەی شوێنگە شوێنەوارییەکان لەنێو داهێنراوەکاندا گڵێنە ئامادەییەکی زۆری هەبووە، هەمیشە وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی پشتی پێ بەستراوە بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە مرۆڤ لەدوای نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە قۆناغی پێشتر و بەدیاریکراوی لە چاخی بەردینی کانزاییدا، گڵێنەسازیی کردووەتە پیشەیەکی سەرەکی، چونکە دروستکردنی لەچاو ئامرازی بەردی ئاسان بووە و هەروەها هەر قۆناغە و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و ئەوەش یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ جیاکردنەوەی قۆناغە مێژووییە جیاجیاکان (Hole, 1984, 326). ئەگەر سەرنج بدرێت، سەرەتای ئەم قۆناغە بە قۆناغی گڵێنەی ڕەنگاوڕەنگ ناسراوە، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە گڵێنەسازی لەم قۆناغەدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و مرۆڤ زۆر داهێنانی تێدا کردووە، چ لە جۆری ئەو قوڕەی بەکاری هێناوە، یان ئەو ڕەنگ و نەخش و شێوازانەی بۆ گڵێنەکان هەڵبژاردووە (حمود، ٢٠١٣، ٩٣).

گەر تەماشای مێژووی سەرهەڵدان و دەستپێکی گڵێنەسازی بکەین لای مرۆڤ، وەك ئاماژەمان بۆ کرد بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە نیشان دەدەن مرۆڤ پاش ئەوەی نیشتەجێ دەبێت لە پێدەشتەکاندا و ناوچەی نزیك سەرچاوە ئاوییەکان، سەرقاڵ دەبێت بە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵدارییەوە، گڵێنەسازی و بەکارهێنانی قوڕ و دروستکردنی ئامراز و پێداویستییەکانی وەك دەفر و قاپ و قاچاخی ناوماڵ و ئامرازی کشتوکاڵکردن بووەتە بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیانی (بصمجي، ١٩٤٨، ١٥؛ الجبوري، ٢٠١٦، ١٩). لە ڕووی مێژوویییەوە سەرەتای ئەم پیشەیە بۆ ناوەڕاستی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە و لە قۆناغی چاخی بەردینی کانزاییدا ئەم پیشەیە یاخود گڵێنەسازی دەگاتە لووتکەی گەشەی خۆی، دواتر لە قۆناغەکانی تردا وردەوردە بەکارهێنانی ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات (النجم، ٢٠١٣، ٤٠٣).

ئەوەی شایانی باسە، لە چاخی بەردینی کانزاییدا، بەدیاریکراوی لە باکوور و باشووری میزۆپۆتامیادا و لە ناوچەکانی زاگرۆس و هەرێمی کوردستان، بەڵگە شوێنەوارییە نوێیەکان نموونەی زۆر باشی گڵێنەسازییان نیشان داوە لە زۆرێك لە شوێنگەی شوێنەواری لە قۆناغی چاخی بەردینی کانزاییدا، بەدیاریکراوی لە گردی سورێژە.

لەم گردە شوێنەوارییەدا لە ماوەی کارکردنی تیمە شوێنەوارییەکە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە گڵێنە، ژمارەیەکی زۆر پارچەی گڵێنەکان هەڵگیراونەتەوە کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە دانیشتووانی شوێنگە شوێنەوارییەکە گڵێنەسازی وەك پیشەیەکی سەرەکی و پێداویستییەکی ڕۆژانەیان بووە. هەروەها بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی پارچەی گڵێنەکان، هەوڵ دراوە چینە یەك بەدواییەکانی شوێنەوارەکە دیاری بکرێت و لەو ڕێگایەشەوە بەئاسانی پەی بە زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ لە شوێنەوارەکەدا ببرێت، چ لە ڕووی مێژووی یان ئەو پێشکەوتن و داهێنانەی مرۆڤ پێی گەیشتووە (Stein, et al., 2013, 39; Stein & Alizadeh, Surezh Kurdistan, 2013-2014, 142-143).

لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوە لە پارچە گڵێنە بەدەستهاتووەکان لەسەر بنەمای شێوە و قەبارەی گڵێنەکان و هەروەها پێکهاتەی ئەو قوڕە بووە کە گڵێنەکانی لێی دروست کراوە، پاشان سەرنج خراوەتە سەر پلەی سوورکردنەوەی گڵێنەکە لەگەڵ وردبوونەوە لەو نەخش و نیگار و ڕەنگانەی لە ڕازاندنەوەی گڵێنەکەدا بەکار هاتوون (حسين، ٢٠٠٦، ٦٢-٦٣). ئەگەر سەرنجی پارچە گڵێنەکانی شوێنەوارەکە بدەین بە درێژایی وەرزەکانی کنە و پشکنینی شوێنەواری بەدەست هاتوون، پاش لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە وا گڵێنەکان بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کانزایی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی حەلەف و عوبەید و وەرکا (Stein, 2018, 21).



**وێنەی(٤)**
**پارچەی گڵێنەی حەلەف و عوبەید لە گردی سورێژە**
**(Stein & Alizadeh, 2016-2017, 86)**

دەتوانین بڵێین زۆرترین ڕێژەی گڵێنەی سەردەمی کۆتاییەکانی عوبەید و سەرەتای وەرکا بوونی هەیە. لەنێو گڵێنە دروستکراوەکاندا بەشێکی زۆریان وا دێنە پێش چاو ناوچەیین و بەرهەمی دەستی دانیشتووانی گردە شوێنەوارییەکەن، هەروەها چوونیەکییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ گڵێنەی ناوچە شوێنەوارییەکانی وەك

تەپەگەورە و ئەرپەچیە و قالینج ئاغا، ئەم چوونیەکییە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای پەیوەندیی ناوچە شوێنەوارییەکانە لەم قۆناغەدا لە ڕووی شارستانیەت و بازرگانییەوە (Minc, Alden, & Stein, 2019, 125-133; Kopanias, MacGinnis, & Ur, 2015, 50).



**وێنەی (٥)**

**گڵێنەی سەردەمی عوبەید و سەرەتای وەرکا**

(Minc, Alden, & Stein, 2019, 126)

شایانی باسە لەم قۆناغەدا لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە وا گڵێنەکان بە دەست دروست کراون و پشت بە بەکارهێنانی چەرخەی گڵێنەسازیی سەرەتایی بەستراوە (الشیخ، ١٩٨٥، ١٦٢-١٦٣) و لە پلەیەکی گەرمیی بەرزدا سوور کراونەتەوە (الکسار، فخار عصر العبید في العراق القدیم، ١٩٨٥، ٢٣). هەروەها گڵێنەکان بەگشتی یەك ڕەنگ بوون کە ئەویش ڕەنگی سەوز و سەوزی کاڵ بوون لەگەڵ زەردی کاڵ. هەروەها نەخشی سەر ڕووی گڵێنەکان وەك دەرکەوتووە زۆر کەم بووە و زیاتر بە ڕەنگەکانی سوور و ڕەش و شین ڕەنگ کراوهن (باقر، ٢٠٠٩، ٢٥٣).



وێنەی (٦)
**نەخشی سەر ڕووی چەند نموونەیەکی دەفری قووڵی سەردەمی عوبەید**
**(Stein G. , 2017-2018, 37)**

هەر بەو جۆرە لە گردی سورێژە ئەگەر لە ڕووی نەخش و نیگار و ئەو ڕەنگانەی کە وا لە دروستکردنی گڵێنەکاندا بەکار هاتووە، تەماشای تایبەتمەندیی پارچە گڵێنەکان بکەین، دەبینین کە وا لەنێو گڵێنەکان زۆرترین ڕێژەیان سادە بوون و کەمتر نەخش و نیگار و ڕازاندنەوەیان پێوە دیار بووە (Fisher, 2017, 419-420)، لەم ڕووەوە وەك گڵێنەی سەردەمی حەلەف نەبوون کە زۆرینەیان نەخشێنراون و ڕازێنراونەتەوە (المعماري، ٢٠٠٦، ١٠٣)، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە مانای وا نەبووە کە وا گڵێنەی سەردەمی عوبەید و قۆناغی وەرکا هیچ جۆرە نەخشێکیان لەسەر نەبووبێت، بەڵکوو ڕێژەیەکی کەمیان نەخشیان لەسەر بووە و زیاتر نەخشەکان ئەندازەیی بوون لە شێوەی هێڵی ڕێك و یەکتربڕ و زیکزاکی و شریتی شانەیی، کە ئەم جۆرە نەخشانە ئاماژەیەکی ڕوون بوون بۆ تایبەتمەندیی گڵێنەی دەشتی هەولێر لە ناوچەکەدا لە سەردەمی عوبەیدا، (Stein & Alizadeh, 2016-2017, 85). هەروەها بە بەراوردکردنی نەخشەکانی سەر ڕووی گڵێنەکانیش، ئەوە ڕوون بووەتەوە کە وا

گڵێنەی شوێنەوارەکە زۆرتر هەڵگری تایبەتمەندیی گڵێنەی ناوچەکانی باکووری میزۆپۆتامیایە (Stein, 2017-2018, 63-64).



**وێنەی (٧)**

**کۆمەڵێك پارچەی گڵێنەی سەردەمی عوبەید**

**(Stein & Alizadeh, 2016-2017, p. 81)**

هەڵبەت هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی نەخش و ڕەنگەکانی سەر ڕووی گڵێنەکان لەم قۆناغەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا مرۆڤ چەرخەی گڵێنەسازیی داهێناوە و پرۆسەی دروستکردنی گڵێنەکان خێرا بووە و قەبارەشیان گەورەتر بووە لەچاو قۆناغەکانی پێشووتر. هەروەها گڵێنەکان تەنها بۆ مەبەستی کاروباری ڕۆژانە بەکار نەهاتوون، بەڵکوو بۆ هەڵگرتنی شمەك و گواستنەوەی لە بواری بازرگانیدا و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکار هاتوون، هەر بۆیە کەمتر بایەخ بە ڕازاندنەوەیان دراوە و زیاتر سەرنج خراوەتە سەر مەبەستی بەکارهێنانیان، ئەمەش وای کردووە سنووری بڵاوبوونەوەی گڵێنەی قۆناغەکە بەرفراوانتر بووە لە ناوچەکەدا، هەر لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە تاوەکوو هەرێمی کوردستان و سووریا و تورکیا و ئێران بووە (الکسار، ١٩٨٥، ١٦٠).

بەو شێوەیە بە درێژایی وەرزەکانی کنە و پشکنینی شوێنەواری و بە گوێرەی لێکۆڵینەوە لە بارەی لایەنی بیناسازی و پاشماوە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان و گڵێنەوە، تیمە شوێنەوارییەکە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی مێژووی دەستپێکی نیشتەجێبوون لە گردەکەدا بەدیاریکراوی بۆ (٤٨٠٠پ. ز) کۆتایی شارستانیەتی عوبەید و سەرەتای شارستانیەتی وەرکا دەگەڕێتەوە (Fisher, 2017, 419).

**دەرئەنجام:**

١.بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە وا هەرێمی کوردستان لە دێرزەمانەوە نیشتمانی ڕەسەنی مرۆڤ بووە، بەتایبەتی لە چاخی بەردینی کانزاییدا.

٢.بە پشتبەستن بە بەرئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییە نوێیەکان، توانراوە پەی بە زۆر نهێنیی شاراوەی ژیانی مرۆڤ ببرێت لە ناوچەکانی دەشتی هەولێردا و بەدیاریکراوی لە گردی سورێژەدا.

٣.لە ڕووی بیناسازییەوە پاشماوەی خشت و دیوار و ژوورەکان و ئەو خانووانەی دۆزراونەتەوە، نیشانی دەدەن کە وا شوێنەوارەکە بۆ سەردەمی شارستانیەتی عوبەید دەگەڕێتەوە.

٤.لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا مرۆڤ بەتەواوەتی لە ڕووی ئابوورییەوە پشتی بە سەرچاوەی ئاژەڵی و ئاژەڵداری لەگەڵ چاندن و کردەی کشتوکاڵکردنەوە بەستووە لە سنوورێکی بەرفراوانتردا و زیادەی بەرهەمیش هۆکار بووە بۆ سەرەتای هەنگاونانی مرۆڤ بە ئاڕاستەی بازرگانیکردن و سەرەتای ئاشنابوون بە شارنشینی.

٥.هەروەها لە ڕووی ئامراز و کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، زۆر گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەدەست هاتووە، بەتایبەتی لە بواری گڵێنە و گڵێنەسازیدا، ئەگەرچی لە ڕووی نەخش و ڕازاندنەوە و ڕەنگکردنەوە لە پاشەکشەدا بووە، بەڵام لە ڕووی مەبەستی بەکارهێنان و بڕ و چەندێتییەوە گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها سنووری بڵاوبوونەوەشی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بووە لەچاو قۆناغەکانی پێشتر.

**ژێدەر:**

(1) Chalcolithic: واتای وشەی چاخی بەردینی کانزایی دەگەیەنێت، لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە و لە دوو بڕگە پێکهاتووە: "Chalco" واتە مس، "lithic" واتە بەرد، ئەم قۆناغە بۆیە بەچاخی کانزایی ناوبراوە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەم سەردەمەدا توانیویەتی کانزا بەکاربهێنێت و زۆر پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی لێ دروست بکات کەوا نموونەی ئەم دروستکراوانە لەزۆرێك لەو شوێنەوارانەی بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێنەوە دۆزراونەتەوە (کوتریل، ١٩٧٧، ٥٨٠؛ حمود، ٢٠١٣، ٩٣).

(2) شارستانیەتی حەلەف: شارستانیەتی حەلەف ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گردی حەلەف (کۆزانای کۆن) کە ئەم شوێنگە شوێنەوارییە دەکەوێتە لای ڕووباری خاپوور؛ باکووری سووریا نزیك سنووری تورکیا. بۆ یەکەم جار لەلایەن شوێنەوارناس "ماکس ئۆبنهایم" لە ساڵی ١٩١١دا کنە و پشکنینی شوێنەواری تێدا کراوە (الکسار، عصر الحلف في العراق، ١٩٨٢، ١١؛ بصمجي، ، ١٩٧٢، ٣)، پاشان لەدوای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەرئەنجامی ئەو کنە و پشکنینانەی لەو سەردەمە بەدواوە کراوە و کولتووری حەلەف لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و دەوروبەریدا بەدیار خراون، بریتی بوون لە شوێنەوارەکانی گردی ئەرپەچیە و بانەهێلك و تەپەگەورە (Nieuwenhuyse, Odaka, & Muhl, 2016, 257).

(3) شارستانیەتی عوبەید: زۆرێك لە شوێنەوارناسان باوەڕیان وایە قۆناغێکی درێژە و ئەم شارستانیەتەی کە بە عوبەید ناسراوە، ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەواری گردی عوبەید کە وا (٦کم) کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاری ئوور لە باشووری عێراق. شارستانیەتەکە سیمایەکی ڕوونی چاخی بەردینی کانزایی پێوە دیارە (توفیق، ١٩٨٧، ٢٩٦؛ رشيد، ٢٠٠٤، ٣٩)، ئەم شوێنەوارە لەلایەن شوێنەوارناسان هێنری هاول و لیونارد ولی بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩١٩ دۆزراوەتەوە و کنە و پشکنینی تێدا کراوە (Fisher, 2017, 1).

(4) شارستانیەتی وەرکا: شوێنگەی شوێنەواری وەرکا بۆ یەکەم جار پشکنینی شوێنەواری تێدا کراوە لەلایەن شوێنەوارناس لوفتس لە ساڵی ١٨٤٩ و لە ساڵەکانی ١٨٥٣ و ١٨٥٤دا پشکنینی تێدا کراوە لەلایەن پەیمانگای بەریتانی بۆ لێکۆڵینەوە، دواتر ئەڵمانەکانیش لە ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٣ و ١٩٢٨ و ١٩٣٩ و ١٩٥٣ و ١٩٥٥ پشکنینیان تێدا ئەنجام داوە و توانیویانە نزیکەی ١٨ چینی شوێنەواری تێدا بەدیار بخەن (الکسار، فخار عصر العبيد في العراق القديم، ١٩٨٥، ١٤).

(5) جەمدەت نەسر: کۆتایی قۆناغی چاخەکانی پێش مێژووە، ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گردێکی بچووك کە بە گردی جەمدەت نەسر ناسراوە لە باشووری عێراق (سليم ا.، ٢٠١١، ٦٧).

(٦) Flotation: ئامێری فلۆتەیشن لە سێ تەنکی پێکهاتووە، بە بەکارهێنانی ئاو ئەو خۆڵەی کە لە کاتی کنە و پشکنیندا بە نموونە وەرگیراوە، بەم ئامێرە دەشۆردرێتەوە و بە بەکارهێنانی بێژنگ هەموو پاشماوە شوێنەوارییەکان کە لە ڕووەك و ئاژەڵ و جۆرەکانی دیکە پێکهاتوون، بەتایبەت ئەوانەی کە قەبارەیان بچووکە و لە کاتی کارکردندا بە چاو بەئاسانی نابینرێن؛ جیا دەکرێنەوە، پاشان ئەو پاشماوانە وشك دەکرێنەوە لەبەر هەوادا و دەنێردرێن بۆ لێکۆڵەری تایبەت بەو بوارانە بۆ توێژینەوە (ماثیو، ٢٠١٦، ١٠٩؛ هواس، ٢٠١٥، ٤٦؛ Mathews, et al.,S1, 2012, 99).

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەی عەرەبی


١. أحمد امين سليم. (١٩٩٨). *دراسات في تاريخ الشرق الادنى القديم مصر -العراق -ايران.* بيروت: دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

٢. احمد امين سليم. (٢٠١١). *العصور الحجرية وماقبل الآسرات في مصر والشرق الادنى القديم.* الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية .

٣. اكرم محمد عبد الكسار. (١٩٨٢). *عصر الحلف في العراق.* بغداد: رسالة ماجستير غير منشورة.

٤. اكرم محمد عبد الكسار. (١٩٨٥). فخار عصر العبيد في العراق القديم. *سومر، ٤٤*، ص١٠-٢٢.

٥. اكرم محمد عبد الكسار. (١٩٨٧). مظاهر الحياة الاجتماعية والاقتصادية في العراق القديم منذ أواخر الالف السادس ق.م حتى بداية النصف الثاني من الالف الخامس ق.م. *سومر، ٤٥*، ص٢٤٤-٢٥١.

٦. بصمجي، ف. (١٩٧٢). كنوز المتحف العراقي. بغداد: دار الحرية للطباعة والنشر.

٧. تقي الدباغ. (١٩٩١). من القرية الى المدينة. *موسوعة الموصل الحضارية، ١*، ص ٣٢-٥٦.

٨. جورج روو. (١٩٨٦). *العراق القديم.* (حسين حسين، المحرر) بغداد: دار الشؤن الثقافية العامة.

٩. جيمس ميلارت. (١٩٩٠). *اقدم الحضارات في الشرق الادنى.* (محمد طلب، و سلطان محيسن، المحررون) دمشق: مطبعة الشام.

١٠. حسين ظاهر حمود. (٢٠١٣). العصر الحجري المعدني ابرز الانجازات الحضارية في بلاد الرافدين. *مجلة اثار الرافدين، ٢*، ص٩٣.

١١. حسين محمد محى الدين السعدي. (١٩٩٥). *في تاريخ الشرق الادنى القديم* (المجلد ٢). الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

١٢. حسين يوسف النجم. (٢٠١٣). موشرات النمو السكاني خلال العصر الحجري الحديث في العراق. *آداب الرافدين*، ٦٥، ص٣٩٥-٤٢٢.

١٣. رالف لنتون، أحمد فخري، و أحمد الشلق. (٢٠١٠). *شجرة الحضارة قصة الانسان منذ فجر ماقبل التاريخ حتى بداية العصر الحديث* (المجلد ١). القاهرة: المركز القومي للترجمة.

١٤. رضاء جواد الهاشمي. (١٩٨٥). التجارة. تأليف مجموعة من الباحثين، *حضارة العراق* (المجلد ٢، الصفحات ١٩٥-٢٣٨). بغداد: دار الحرية للطباعة.

١٥. رعد محمد جاسم المعماري. (٢٠٠٦). *الأحجار والمعادن في بلاد الرافدين في ضوء المصادر المسمارية*. الموصل: رسالة ماجستير غير منشورة جامعة موصل.

١٦. رغد جمال محمد غريب الجبوري. (٢٠١٦). *الصناعات في بلاد الرافدين في ضوء الشواهد الاثرية*. بغداد: دار الكتب والوثائق.

١٧. روجر ماثيو. (٢٠١٦). *آثار بلاد الرافدين نظريات ودراسات*. بغداد: دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر.

١٨. زيدان كفافي. (١٩٩٠). *الأردن في العصور الحجرية*. عمان: مؤسسة آل البيت.

١٩. سامي سعيد الاحمد. (١٩٨٥). الزراعة والري. تأليف مجموعة من الباحثين، *حضارة العراق* (المجلد ٢، الصفحات ١٥٣-١٩٤). بغداد: المكتبة الوطنية.

٢٠. سعدي الروشدي. (١٩٧٣). نظرة في عملية تدجين النباتات والحيوان. *سومر*، *٢٩*، ص ٣-١٢.

٢١. سعدي قيض الروشدي. (١٩٦٧). تطور الحضارة. *سومر*، *٢٣*، ص ٢٣٩-٢٤٧.

٢٢. صباح عبود الجاسم. (١٩٧٥). *مرحلة جمع القوت الى انتاج القوت في العراق وجنوب غربي آسيا*. بغداد: رسالة ماجستير غير منشورة.

٢٣. طه باقر. (٢٠٠٩). *مقدمة في تاريخ الحضارات* (المجلد ١). بيروت: دار الوراق للنشر.

٢٤. عادل عبدالله الشيخ. (١٩٨٥). *بدء الزراعة واولى القرى في العراق*. بغداد: رسالة ماجستير غير منشورة جامعة بغداد.

٢٥. عبدالحسين جبر القرشي، و حسين سلمان. (٢٠١٨). اهم المعادن التي عرفها حرفيون العراق القديم. *مجلة دراسات التاريخ والاثار*، ٦٧، ص ٢-٣٤.

٢٦. عبدالحكيم الذنون. (١٩٩٩). *تاريخ الشام القديم*. دمشق: دار الشام القديمة للترجمة والطباعة والنشر.

٢٧. عبدالعزيز صالح. (٢٠١٢). *الشرق الادنى القديم*. القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

٢٨. عبدالوهاب حميد رشيد. (٢٠٠٤). *حضارة وادي الرافدين*. دمشق: دار المدى للثقافة والنشر.

٢٩. عماد عبدالعظيم أبوطالب. (٢٠١٥). *تاريخ العراق القديم*. القاهرة: مصر العربية للنشر والتوزيع.

٣٠. فرج بصمجي. (١٩٤٨). بحث في الفخار. *مجلة سومر، ٤*، ص١٥-٥١.

٣١. ليوناردو كوتريل. (١٩٧٧).*الموسوعة الاثرية العالمية*. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٣٢. محمد السيدغلاب، و يسرى الجوهري. (١٩٧٥). *الجغرافيا التاريخية عصور ماقبل التاريخ وفجره*. مصر: مكتبة الانجلو المصرية.

٣٣. هاري ساكز. (١٩٧٩). *عظمة بابل موجز حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة*. (مترجم- عامر سليمان، المحرر) موصل: دار الكتب للطباعة والنشر.

٣٤. هاوار نجم الدين هواس. (٢٠١٥). *العصر الحجري الحديث المبكر في أواسط زاجروس دراسة اثرية مقارنة لمواقع بيستان سور وشمشارة (شرق العراق) وجاني و شيخ آباد (غرب ايران) في ضوء التنقيبات الحديثة*. القاهرة: رسالة ماجستير غير منشورة كلية الاثار جامعة القاهرة.

٣٥. هديب غزالة. (٢٠٠٥). نظرة في تطور عمارة بيوت السكن في العراق القديم الى دور الوركاء. *مجلة الاتحاد العام للاثاريين العرب*، ٦ ، ص ١٩٢-٢١٣.

٣٦. ياسر هاشم حسين. (٢٠٠٦). فن صناعة الفخار خلال العصر الحجري المعدني في العراق. *مجلة التربية والعلم*،١٣ ، ٦٠-٨٣.


## دووەم: سەرچاوەی کوردی


١. دلشاد زاموا. (٢٠٠٩). کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە ٦٥٠٠پ.ز -٢٤٢ز لەبەر رۆشنایی کنەو پشکنینە شوێنەوارییەکاندا. تألیف کۆمەڵێك نووسەر، *ئینسکلۆپیدیایی هەولێر* (الصفحات ٥٢٥-٥٣٨). لوبنان: چاپخانەی گرین گالۆری.


## سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی


1. Ahmaed, K. M. (2012). *The Beginnings of Ancient Kurdistan (2500C-1500BC) A Historical and Cultural Synthesis.* Leiden: Unpublish PHD at University of Leiden.
2. Al-Souf, B. A. (1972). Notes on the Late Prehistory Pottery of Mesopotamia. *Sumer, 28*, 3-9.
3. Becker, J. (2019). Figurines of the Halaf period Early 6th Millennium B.C. In J. Becker, C. Beuger, & B. Neuhof, *Human Iconography and*

*Symbolic in Near Eastern Prehistory* (pp. 167-187). Vienna: Austrian Academy of Science.

4. Fisher, M. T. (2017). *The Late Chalcolithic 1 Period in Northern Mesopotamia; Tell Zedan, Syria, In Regional Context.* Chicago: Unpublish PHD at the University of Chicago.
5. Fuller, D., & Stevens, C. (2019). Between domestication and civilization: the role of agriculture and arboriculture in the emergence of the first urban societies. *Springer, 28*, 263-282.
6. Grossman, K., & Hinman, M. (2013). *Rethinking Halaf and Ubaid Animal Economies: Hunting and Herding At Tell Zeidan(Syria)* (Vol. 39.2). Paleorient.
7. Hole, F. (1984). Analysis of Structure and Design in Prehistoric Ceramics. *World Archaeology, 15*, 326-347.
8. Karsgaard, P. (2006). The Halaf- Ubaid Transition: A Transformation without A Center? In R. Carter, & G. Philip, *Beyond The Ubaid* (Vol. 63, pp. 51-67). Chicago: The Oriental Institute of The University of Chicago.
9. Maisels, C. K. (2001). *Early Civilizations of the Old World.* London: Routledge.
10. Mathews, R., Mathews, W., Raheem, K., Rashid, S., Ivrsen, I., Richardson, A., . . . Bendary, R. (2012). *Excavation at Bestansur Sulaimanyah Province, Kurdistan Regional Government, Republic Iraq.* Reding: University of Reding.
11. Mcintosh, J. R. (2005). *Ancient Mesopotamia.* Oxford-England: ABC-CLIO.
12. Minc, L., Alden, J., & Stein, G. (2019). A Preliminary Assement of Ceramic Style and Chemical Composition during the Chalcolithic Era at Surezha, Iraqi Kurdistan. *Paleorient, 45.2*, 121-136.
13. Nieuwenhuyse, O., Odaka, T., & Muhl, S. (2016). Halaf Settlement in the Iraqi Kurdistan: the Shahrizor Survey Project. In K. Kopanias, & J. MacGinnis, *The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions* (pp. 257-266). Oxford: Archaeopess Archaeology.
14. Roaf, M. (1984). Ubai Houses and Teples. *Sumer, 43*, 80-90.
15. Stein, G. (2018). The Roots of Urbanism in Northern Mesopotamia: 2017 Excavations at Surezha. *News & Notes*(236), 15-21.
16. Stein, G. J. (2017-2018). *Excavations at Surezha 2017, Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq.* Chicago: The Oriental Instiute of Chicago.

17. Stein, G. J., & Alizadeh, A. (2013-2014). *The Origins of Towns and Social Complexity in Northern Mesopotamia in the Chalcolithic Period, 5300-3500 BC.* Chicago: The University of Chicago.
18. Stein, G. J., & Alizadeh, A. (2016-2017). *The Origins of Towns and Social Complexity in Northern Mesopotamia in the Chacolithic Period 5300-3500 BC.* Chicago: University of Chicago.
19. Stein, G. J., & Fisher, M. (2018-2019). *Surezha Excavation 2018, Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq.* Chicago: University of Chicago.
20. Stein, G., & Alizadeh, A. (2013-2014). *The Origins of Towns and Social Coplexity in Northern Mesopotamia in the Chalcolithic Period 5300-3500 BC.* University of Chicago: The Oriental Instiute of Chicago.
21. Stein, G., & Fisher, M. (2019-2020). *Surezha Excavations 2019 Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq.* Chicago: The University of Chicago.
22. Stein, G., Alizadeh, A., Ahmadzadeh, L., Alden, J., Backhaus, H., Coutouraud, B., . . . Price, M. (2013). Preliminary Report on the First of Excavations at the Chalcolithic Site of Surezha in the Erbil Gorvernate Kurdistan Region, Iraq. *Iranian Archaeology, 4*, 32-41.
23. Ur, J. (2017). The Archaeological Renaissance In the Kurdistan Region of Iraq. *Near Eastern Archaeology, 80.3*, 176-187.
24. Ur, J., Jong, M., Giraud, J., & James , F. (2018). Ancient Cities and Landscape in the Kurdistan Region of Iraq: The Erbil Plain Archaeology Survey. *Iraq, 75*, 89-117.

## الملخص

## العصر الحجري المعدني في إقليم كوردستان تحت ضوء نتائج التنقيبات الحديثة في تل سوريزة

تعتبر فترات ما قبل التاريخ في إقليم كوردستان وخاصة العصر الحجري المعدني، حيث تعد من تلك المراحل الغنية جدا بالمواقع الأثرية في هذا الصدد، وتم الاكتشاف بعض المواقع الاثرية الجديدة بناء على النتائج المستخلصة في الحفريات الاثرية الحديثة التي تعود تاريخيا الى العصر المذكور.

يعد تل سوريز أحد اهم المواقع الاثرية، يمكن اظهار صورة واضحة للحياة البشرية من حيث الاستيطان والبناء والمباني، وأيضا من خلال هذا البحث تجد تحليل البقايا النباتية والحيوانية التي كانت المصدر الرئيسي للغذاء البشري، وتم تسليط الضوء على الحياة الاقتصادية للبشر في هذا الوقت.

كما تبينت في الجانب الآخر من الحياة البشرية استعمال الالات والأدوات اليومية و التي كانت مصدرا جيدا لمرور الحياة البشرية، كما هو مذكور في البحث حول دراسة تل سوريزه الأثرية ومعظم الأدوات ومواد واحتياجات الحياة اليومية البشرية معثورة فى هذا التل. وعلى وجه الخصوص ساعدت هذا الموقع باكتشاف بقايا الفخار، وعلماء الآثار وصلت الى فهم المستوطنات وخصائص الحضارة في تلك المواقع. لذلك ان تاريخ هذا التل تساعد لفهم تاريخ العيش في اقليم كوردستان منذ الاسبق، وخاصة في حضارة بلاد الرافدين، وكانت جميع الاختراعات البشرية في هذا التل وهى بداية الامر خدمة البشرية وخدمة جيدة للحركة البشرية نحو تطور الحضارة وبداية التحضر والتمدن.


**الكلمات الدالة:** تل سوريزة، العصر الحجري المعدني، ثورة التحضر، حلف، عوبيد

# Abstract

## The Chalcolithic period in Kurdistan Region in the Light of Recent Excavations in Tell Surezha.

Prehistoric periods in Kurdistan region and in particular Chalcolithic Period, are rich for archeological sites. In this vein, some new archaeological sites have been discovered based on the conclusions gained from recent archeological excavations which historically belong to the aforementioned age.

One of the most important archeological sites is Surezha Hill (Grdi Surezha). A very vivid image of human life could be portrayed in terms settlement and construction. Economic life could be realized after investigating the remains of plants and animal which can be considered as two important pillars of human food.

One of the other important tools for archaeologist to look for is by inspecting tools and necessities of human beings of that age to display how they lived on daily basis. In particular pottery remains has helped archaeologists to understand the settlements and qualities of civilization in those sites. Therefore, human inventions had paved the way for humans to start civilized life and thus led to the emergence of urban life.



**Keywords:**

Tell Surezha, Chalcolithic Period, Urban Revolution, Halaf, Ubaid